# شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەکات




کاتژمێر 10ی ڕۆژی 6-7-2010 هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری مامۆستا محەمەد سلێمان، ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیان و مامۆستا جاسم بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی سەردانی بارەگای مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان کاک مەحمودی حاجی سالح بەرپرسی مەکتەب و کاک کەمال جێگری بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەکی دیکە لەئەندامانی مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا سەرەتا شاندی حزبی رزگاریی کوردستان بەبۆنەی سەرکەوتنی سێهەمین کۆنگرەی یەکێتی و دەست بەکاربوونەوەی کاک مەحمودی حاجی سالح وەک بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی پیرۆزباییان لێکردن و سەرکەوتنی سێهەمین کۆنگرەیان بە دەستکەوتێکی ئەرێنی و پڕبایەخ دانا. ئەوسا لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا و جەخت لەسەر قوڵکردنەوەی پێوەندی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی رزگاریی کوردستان کرایەوە.

# سکرتێری حزب سەردانی بەڕێز کاک قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان دەکات




کاتژمێر 11ی ڕۆژی 6-7-2010 هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بە یاوەری هەڤاڵان مامۆستا محەمەد سلێمان و مامۆستا جاسم محەمەد سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆیی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کردو لەلایەن بەڕێز کاک قادرعەزیز سکرتێری گشتی حزب بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا کە بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسول دۆستی هەردوولایەن ئامادە ببوو، باس لە گۆڕانکاریەکانی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ڕەوشی هەنووکەیی کرا. کێشەو گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی عێراق قسەوباسی لەسەرکرا. ئەوسا باس لە پتەوکردن و بەهێزکردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش پەیوەندی نێوان هەردوو حزب کرایەوە، بەتایبەتیش کە هەدوولایەن پێوەندییەکی مێژینەیان هەیەو لە سالانی ڕابردوودا چەندی کاری هاوبەشیان بەیەکەوە ئەنجام داوە.

هەردوولا هاوڕامان بوون کە دەبێ حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خەڵک و حزبەکان و ڕێکخراوەکان بدات و گرفت لەسەر ڕێیان دانەنێ.

# ئەوروپا لە ئێران دەخوازێ کە حوکمی 3 کەس هەڵبوەشێنێتەوە

یەکێتیی ئەورووپا داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات کە هەرچی زووترە ئێعدامی سێ حوکمدراوی کورد و ئێرانی ڕابگرێ، کە یەکێکیان بە "خیانەتکردن" بە مێردەکەی، دووهەمیان بە کوشتن و سێهەمیشیان بە تاوانی ئەندامبوون لە حیزبێکی کوردیدا بە ئێعدام مەحکووم کراون.

لە لێدوانێکدا کە درەنگانی شەوی سێشەممەی ڕابردوو، سەرچاوەکانی هەوڵ بڵاویان کردەوە، کاترین ئاشتۆن، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، گوتویەتی کە ئەو زۆر نیگەرانە لەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە حوکمی ئێعدامی محەمەد حەدادی، سەکینە محەمەدی ئاشتیانی. هەروەها یەکێتیی ئەورووپا داخوازی پێشووتری دووپات کردۆتەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی زێنەب جەلالیان، ئەو کچە کوردەی کە بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ خودا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.

کارتین ئاشتۆن، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا پێیوایە کە "ئێعدامکردن لە ڕێگەی بەردبارانەوە، بە مانای کوشتن لە ڕێگەی ئەشکەنجەکردنەوە دێت" بۆیە داوا لە ئێران دەکەم کە هەرچی زووترە حوکمی ئێعدامی ئەو کەسانە ڕابگرێ و بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمیان بدات."

# نسێبین: بیست و هەشت کەس دەستگیر دەکرێن

لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا لە شاری نسێبین لە کاتی بەخاک سپاردنی تەرمی گەریلایێکی شەهید، پێکدادان لەنێوان خەڵک و هێزەکانی ئاسایش ڕوویدا.

بەگوێرەی سەرچاوەکان ڕۆژی پێنج شەممە 8ی تەمموز لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نسێبین دەیانویست بە شکۆوە تەرمی گەریلایێکی پارتی کرێکارانی کوردستان بنێژن، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە گرفت و ئاستەنگیان بۆ دروست کرا، بەوهۆیەوە تێکهەڵچوون لەنێوان هێزەکانی ئاسایش و خەڵکی شارەکە ڕوودا، هێزەکانی ئاسایش هێرشیان کردە سەر خەلکی سڤیل و ویستیان بڵاوەیان پێبکەن، بەڵام خەڵکەکە بەرپەرچیان دانەوە، بەرەنگاری چەکدارەکان بوونەوە، هێزەکانی ئاسایش کە تانگ و زرێپۆش پشتیوانی لێدەکردن، توانیان بیست و هەشت کەس دەسگیر بکەن و ڕەوانەی زیندانیان بکەن.

جێی ئاماژەیە کە خەڵکی باکوری کوردستان نەترسانە بەشداری لە بەخاکسپاردن و پرسەی گەریلا شەهیدەکان دا دەکەن.

# سوریا:تەرمی کوردێکی زیندانی ڕادەستی بنەماڵەکەی دەکرێتەوە

ڕۆژی 28-6-2010 لە نەخۆشخانەی تشرینی سەربازی تەرمی لاوێکی کورد ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.

حەنان عەبدۆ عەبدولقادر کە ڕۆژی 28-3-2010 لە شاری ڕەقا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سوریاوە دەستگیر کرابوو، دوای سێ مانگ تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.

حەنان عەبدۆ لە دایک بووی ساڵی 1985 بوو، ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، منداڵێکی هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژی 21ی ئازاری ئەمساڵ بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا کردبوو، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی حزبی بەعسی سوریاوە دەستگیرکراو ڕەوانەی گرتوخانەی ئیستخبارات کرا.

بەگوێرەی زانیاریەکان تا ڕۆژی مردنی حەنان عەبدۆ عەبدولقادر هۆکاری گرتنەکەی ئاشکرانەکرابوو، بەڵام بنەماڵەکەی هۆکاری گرتنەکەی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ دەگێڕنەوە. هەروەها هۆکاری مردنەکەشی بۆ ئازارو ئەشکەنجەدان دەگێڕنەوە، بەڵام بەرپرسانی نەخۆشخانەی تشرینی سەربازی هۆکاری مردنەکەی بە ڕاوەستانی مێشک لێکدەدەنەوە.

جێی ئاماژەیە کە ئاسایشی سوریا هەڕەشەیان لە بنەماڵەی حەنان عەبدۆ کردووەو پێیانڕاگەیاندون کە نابێ هۆکاری گرتن و مردنی بۆ کەس باس بکەن، دەنا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە.

جێی ئاماژەیە دوای ئەوەی کوردانی ڕۆژئاوا بە گوڕو تینێکی زۆرەوە ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕاو بەشداریان تێدا کرد، ئاسایشی سوریا هەڵمەتی دەستگیرکردنی دەست پێکرد، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە دەستگیرکران کە وەک پێشەنگی یادکردنەوەی جێژنی نەورۆز ناسێندرابوون. هەندیکیان بە زوویی ئازاد کران، هەندێکی دیکەشیان تا ئێستا لە زینداندا ڕاگیراون و ڕووبەڕوی ئازارو ئەشکەنجەدان دەبنەوە، بەڵام ڕێکخراوەکانی مافی مرۆف لە بەرانبەر ئەو ڕەش بگیریەدا بێدەنگ و خۆیان نەبان کردوە.

# کەرکووک: گەلەرییێکی هاوچەرخ دەکرێتەوە

بۆ یەکەمین جار لە گەڕەکی شۆڕاوی شاری کەرکووک، بە بەشداری چەندان هونەرمەندی بە ناوبانگی **نەمسا** و بە ئامادەبوونی بەڕێز **ئێرنست ڤووەللا**، بەرپرسی کولتوری و سۆسیال دیموکراتەکانی ڤیەننا و بە سەرپەرشتی، **فایق ڕەسوڵ** گەلەری (**شۆڕاو ئارت**)ی هاوچەرخ لە کاتژمێر 19ی بەرواری 14.7.2010دەکرێتەوە.

گەلەری **شۆڕاو ئارت** لە بەرنامەیدایە، ساڵانە ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدات.

1 – چوار پێشەنگە ڕێکدەخات بۆ؛

ئا- هونەرمەندانی هاوچەرخی نەمسا.

بێ- هونەرمەندانی کوردستان.

جیم- هونەرمەندانی هاوچەرخی عێراقی.

دال- هەروەها پێشەنگەی هاوبەشی هونەرمەندانی هاوچەرخی، نەمسا، کوردستان، عێراق.

2- هەوڵ دەدات بەردەوام هەمەئاهەنگ بێت، لە گەڵ گەلەریەکانی کوردستان، بۆ گواستنەوەی گشت پێشەنگەکانی **شۆڕاو ئارت**، بۆ گەلەریەکانی تری کوردستان.

3- گەلەری **شۆڕاو ئارت** هەوڵ دەدات، پێشەنگای تایبەت بۆ هونەرمەندانی کوردستان لە نەمسا، بکاتەوە.

شایەنی باسە بیرۆکەو ئەرکی بنیاتنانی گەلەری **شۆڕاو ئارت**، لە لایەن دکتۆر **سدیق ڕەسوڵ** و **فایق ڕەسوڵەوە** هاتۆتەکایەوە، کە هەردوکیان خەڵکی شۆڕاون.

شۆڕاو، گوندێک بوو، شوێنەوارەکەی ئێستاش لە ناوشەریکەی نەوتی کەرکووکدا ماوە. لە ساڵی 1963 لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە، فەرهود کراو دانیشتوانەکەشی دەربەدەرکرا ، پاشان روخێنرا، بەڵام لە پاش پڕۆسەی ئازادی عیراق، بەرامبەر شوێنەوارە کۆنەکەی گوندەکە، بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوندی شۆڕاو، بە دیزاینێکی هاوچەرخانە ئاوەدان کرایەوە، ئێستا گەڕەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک.